گەراندنەوەی سەدان هەزار لە دانیشتوانی ئەو شارانە کە ئاوارەی نیوخۆی ولات بووبوون و هەموو شتیکی خویان لە دەست دابوو، هاتنە ئارای ویست و داخوازی رەوای خەلکی ئیران سەبارەت بە ئازادی، کار و داهات و هەموو مافە پیشیلکراوەکانیان کە پیشتر بە بیانووی ئەوەی ریژیم لەگەل دوژمنیکی دەرەکی واتە سەدام حوسین لە شەریکی توندوتیژدا بوو، کەمتر باسیان لیوە دەکرا و ... بەلام بە کوتاییهاتنی شەر، ئەو داخوازییانە و بەربەرەکانی بو دابینبوونیان بەردەوام دەبی و لە ئاکامدا دەرفەتی خەباتی گەلی کورد و حیزبی دیموکرات باشتر دەبی. ئەوانە هەموو لایەنیکی ئەو پرسە گرینگە بوون.

بەلام لەوانەیە بو د. قاسملوو کە سەرکردایەتی و ریبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی دەکرد، لایەنی دیکەی ئەم پرسەش کە لایەنیکی نیگەتیڤی پرسەکە بوو جیگای لی وردبوونەوە بووبیت، بەو واتایە کە ئەگەر تاکوو ئەودەم لەگەل ئەوەی ریژیم لەو ٨ سالەدا کە لە ژیر هیرشی بیوچانی سەدام حوسین بوو توانیبووی کوردستانیک کە دوای رووخانی ریژیمی پاشایەتی بەشیکی زوری لە ژیر دەسەلاتی هیزە بەرهەلستکارەکانی کورد بە تایبەت حیزبی دیموکراتدا بوو، هەنگاو بە هەنگاو وەرگریتەوە و پاشەکشە بە هیزی پیشمەرگە بکا، بە جوریک کە لە کاتی وتوویژی د. قاسملوو لە گەل ریژیمدا، سەرکردایەتیی حیزبی دیموکرات و هەموو هیزە سیاسییە بەرهەلستکارەکانی کوردی ئیران لە ژیر زەختی ریژیمدا نەیانتوانیبوو لە کوردستانی ئیران بمیننەوە و بە ناچاری روویان لە کوردستانی عیراق کردبوو و لەوی بنکە و بارەگاکانی خویان لە سنوورەکان دامەزراندبوو. تو بلیی د. قاسملوو بیری لەو لایەنە نیگەتیڤەش نەکردبیتەوە، مادام کە ئیستا ریژیم شەریکی لەگەل هیزەکانی عیراق نامینی، توانای بەربەرەکانی کردنی لەگەل هیزی پیشمەرگە بەرفراوانتر و بەهیزتر دەبی و خەباتەکە سەختتر، پرمەترسیتر و دریژتر دەبیتەوە، ئەوەش هاندەریک بووبی بو ئەوەی د.قاسملوو ئەو وتوویژە بە دەرفەت بزانی و لە دەستی نەدا، بەلکوو لە

سەرچاوە و پەراویزەکان:

(١) د.فازل رەسوول (فازل مەلا مەحموود) ٤٩ سال تەمەنی بوو. خەلکی سولەیمانی بــوو و لــە زانکوی بەغــداد زمانی کوردیــی خویندبوو. ســەرەتا کۆمۆنیســت بوو و ماوەیەکیش پیشــمەرگایەتیی کردبوو. دوای هەرەسهینانی شۆرشی نەمر مەلا مستەفا بارزانی لە سالی ١٩٧٥ی زایینی، سەرەتا چووە لوبنان و پاش ٢. ٣ سال چووە ڤییەن، لــەوی دوکتورای لە بواری «زانســتە کومەلایەتییەکان» وەرگرت. نیشــتەجیی ولاتی نوتریش بوو و لە «ئەنســتیتوی پیوەندییە نیونەتەوەییەکان» کاری دەکرد و هەروەها وەک «مامۆســتای میوان» لە ئەنســتیتوی زانســتە سیاســییەکان دەرسی دەگوتەوە. سەرنووســەری گوڤــاری «الحیوار» واتــە دیالوگ بوو و چەند کتیبــی بە عەرەبی و ئالمانی نووسیوە.

ناوبراو لە لوبنان و ئورووپا پشتی لە کۆمۆنیزم کرد و رووی کردە ئیسلام. پیوەندیی بەربــلاوی لەگــەل کەســایەتی و لایەنە جیــاوازەکان بۆ نموونە لەگەل ئەبولحەســەن بەنیسەدر و ئەحمەد بن بیللا هەبوو. باسی ئەوە دەکرا کە لەگەل کۆماری ئیسلامیش پیوەندیــی هەبووە، بەلام ئەو پیوەندییە دۆســتانە و نزیک نەبــوو، چوونکە د. فازل لە یەکیک لە کتیبەکانیدا دەنووسی کە بروای بە «ولایت فقیە» نیە.

(٢) کتیبــی ئورووپاییــەک لە ولاتی کورداندا، لە نووســینی نەســرین خانم خیزانی شەهید د.قاسملوو

(٣)پەرویز دەســتمالچی تیکۆشەری سیاســیی ئیرانی و مامۆستای زانکۆ لە ئالمان، کــە بۆ خۆی یەکیک لە بەشــدارانی کۆبوونەوەی میکونوس بــوو، لە کاتی تیرۆرەکەدا زیانی پی نەگەیشــت. بەدوای ئەودا یەکیــک لەو چالاکانە بووە کە لیکۆلینەوەی زۆری لەسەر ئەو تیرۆرە کردووە. کورتەیەکی لە دەقی لیکۆلینەوەکانی بەرپرسیکی ئاسایش کە هەلاتووە لە ئیران بە ناوی ئەبولقاســم (فەرهاد) میســباحی، ناســراو بە شــاهیدی C لــە دادگای میکونــوس کــە لە لایەن دادســتانی بەرپرســی پەروەندە لــە ریکەوتی ١٩٩٦/١٢/٢٦ی زایینی لە شــاری مەکینهایــم Meckenheim، بە ژمارە پەروەندەی (٢bJs٢٩٥-٩٥/٨) کە بە شیوەی پرسیار و وەلام بەریوە چووە، خستووەتە سەریەک و لــە مالپەری «اخبارروز» لە یەکشــەممە٩ی پووشــپەری ١٣٩٣ی هەتاوی بەرانبەر بە (٣١ی نووتی ٢٠١٤)ی زایینی بە بۆنەی ســالوەگەری تیرۆری میکونوس بە زمانی فارســی بــلاوی کردووەتەوە. لەبــەر گرینگیی زانیارییــەکان ئەم وتــارە و بەتایبەتی نیگەرانییەکانی کۆماری ئیســلامی لە حیزبی دیموکرات و ریبەرانی، بە تایبەتی شەهید دوکتور قاسملوو و چۆنیەتیی بەرنامەدارشتنی بۆ تیرۆری ئەم دوو ریبەرە (د.قاسملوو و د.ســادق شــەرەفکەندی) نووســەر کورتەیەکی لەو وتارە وەرگیراوەتە سەر زمانی کوردی و دەقی تەواوی وتارەکەش وەک خۆی بە زمانی فارسی دەخریتە بەر چاوی

ڕێبەرایەتیی حیزب دەسپێرنەوە بەوان، بۆ ئەو مەبەستەش هەرچی لە دەستیان هات لە کارشکێنی، ئاژاوەسازکردن، پڕوپاگەندەی درۆی دژی ڕێبەرایەتی و ... کردیان بۆ ئەوەی ئەو تیئۆرییەیان لە کردەوەدا جێبەجێ بکەن و بیسەلمێنن سەرەڕای ئەوەی کە لە حیزبدا کەمایەتین، بەلام تەنیا ئەوانن کە لە بەر لێهاتوویی، ئەزموون و ... دەتوانن حیزب بەڕێوە بەرن. دەیانویست بە ڕێبەرایەتی و زۆرایەتیی بەدەنەی حیزب بسەلمێنن و ڕێبەرایەتیی حیزب قبوول بکا کە هەرچەند لە کۆنگرەدا نوێنەرانی بەدەنەی حیزب، زۆرایەتییەکی دیکەیان بۆ ڕێبەرایەتی خۆیان هەلبژاردووە و ئەوان ئێستا کەمایەتین، بەلام کۆنگرەی سێزدە و ئاکامی هەلبژاردنەکانی گرینگ نین، با ئەوە پشتگوێ بخەین و هەیئەتێکی هاوبەش لە دوو باڵ بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی حیزب تا کۆنگرەیەکی دیکە پێک بێنین. ئەوان ئەو داخوازە ناتەشکیلاتییەیان تەنانەت بە نووسراوە، بە بۆچوونی خۆیان وەکوو چارەسەرێک بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان دا بە ڕێبەرایەتیی حیزب[٨]. بەلام زۆر زیاتر لە ٦ مانگی پێ چوو، ڕێبەرایەتیی حیزب سەرەڕای ئەو کەند و کۆسپانەی کە کەمایەتی بۆی ساز دەکرد، حیزبیان بەڕێوە برد و ئەوان بەو ئاواتەیان نەگەیشتن.

● دووهەم: یارگیری لە نێو کادرەکانی حیزبیدا، بە قەول و بەلێن پێدان، وەکوو بەلێنیی ناردن بۆ دەرەوە، یارمەتی و مووچەی زیاتر، هەلبژاردنیان لە کۆنگرەی خۆیاندا بە ئەندامی ڕێبەرایەتی و... کەلک وەرگرتن لەو مەجالە بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر خەلک لەگەل خۆیان ببەن، لەگەل لایەنە جیاوازەکانی باشوور و کەسایەتییەکانی خورهەلات هەول بدەن دۆست و لایەنگر بۆ خۆیان پەیدا بکەن بۆ کاتی جیابوونەوەکەیان و هێندێک مەبەستی دیکە. بەلام لە بەرەبەری کۆتایی ئەو ماوەیەدا (نزیک دوو ساڵ و نیو) هێندێک لە کادرەکانی بەوەجێ ئەو لایەنە گومانیان لە بەرنامەکانی بەڕێوەبەرانی ئەو تاقمە بۆ پێکهاتبوو و هەستیان بەوە کردبوو کە چەند کەسێک لەو ڕێبەرایەتییەدا

